*Journal of Language Studies* Vol.9, No.3, Part 3, 2025, Pages (133-152)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.3.P3.7

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

JORNAL OF LANGUAGE STUDIES

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Impact of Social Networks (Facebook) on the Kurdish Language and Dictionary

**Swara Muhammad Faraj**
**Charmo university- college of education -Kurdish department**
Swara.mhamad@chu.edu.iq

&

**Asst. prof. Dr. Suzan saadulla abd Alghani***
**Charmo university-college of education-Kurdish department**
suzan.saadulla@chu.edu.iq

**Received:** 11/ 5/ 2025, **Accepted:** 29/6 /2025, **Online Published: 30/ 9 /2025**

## Abstract

This study, entitled "The Impact of the Social Network Facebook on the Kurdish Language and dictionary," falls within the field of applied linguistics. The research investigates the influence of the "Facebook" social network on the Kurdish language and its vocabulary. Given that social networks occupy a significant portion of people's lives and their use for exchanging ideas and conveying messages within various communities has become widespread, personal communication platforms such as Facebook have now evolved into powerful tools for social interaction. These platforms are utilized in multiple aspects of daily life, and consequently, due to the diversity of users in terms of numbers and lifestyles, fundamental changes have emerged in the language and its vocabulary.

* **Corresponding Author**: Dr. Suzan saadulla abd_Alghani, **Email:** suzan.saadulla@chu.edu.iq
**Affiliation**: Charmo University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

In this study, we have examined the changes brought about by Facebook, considering both the positive and negative aspects. The research is organized into two chapters: the first chapter focuses on the theoretical and conceptual analysis of social networks, including definitions, features, and impacts. The second chapter is dedicated to the practical aspect, analyzing the positive and negative impacts of Facebook on the Kurdish language and its dictionary.

**Keywords:** Social Network, Facebook, Linguistic Levels, General Dictionary, Mental Lexicon.

## أثر شبكة التواصل الاجتماعي ( فيسبوك) على اللغة والمعجم الكوردي

أ.م. د. سوزان سعدالله عبدالغني– جامعة جرمو– كلية التربية – قسم اللغة الكوردية

و

سواره محمد فرج– جامعة جرمو– كلية التربية – قسم اللغة الكوردية

## الملخص

هذا البحث بعنوان (أثر شبكة التواصل الاجتماعي "فيسبوك"على اللغة و المعجم الكوردي)، و الذي يندرج ضمن الدراسات اللسانية التطبيقية، أذ يسلط الضوء على تأثير شبكة التواصل الاجتماعي "فيسبوك" على اللغة و معجم اللغة الكوردية، ونظراً لأن شبكات التواصل الاجتماعي قد احتلت مساحة واسعة في حياة أفراد المجتمعات، واستخدام هذه الشبكات لغرض التواصل وإيصال الأفكار والرسائل داخل تلك المجتمعات، و تحولت من مجرد منصات للتواصل الشخصي الى ادوات قوية يستفيد منها المجتمع باكمله في مختلف جوانب الحياة و الاستفادة منها على مدار اليوم وأصبحت جزءاً من حياة مستخدميها من مختلف الاعمار، و بسبب اختلاف المستخدمين فقد أحدثت تغييرات جذرية في اللغة و معجمها، وهذا ما جعلنا نخصص بحثنا لهذا الموضوع ونعرض التغييرات التي احدثتها (فيسبوك) من كلا الجانبين، الجانب الإيجابي والسلبي لذلك التأثير. ينقسم البحث الى فصلين، الفصل الأول خصصناه للجانب النظري بتسليط الضوء على مصطلح وتعريف و مفاهيم شبكات التواصل، أما الفصل الثاني فقد قدمنا فيه الجانب العملي و شرحنا التأثيرات الايجابية و السلبية على اللغة و المعجم الكوردي.

**الكلمات المفتاحية:** شبكة التواصل الاجتماعي، فيسبوك، مستويات اللغة، المعجم العام، المعجم الذهني.

## کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک) لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی

**پ.ی.د. سۆزان سەعدوڵاعەبدولغەنی- زانکۆی چەرموو-کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی**

**و**

**سوارە محمد فرج_ زانکۆی چەرموو- کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک) لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی)، توێژینەوەیەکە لەبواری زمانەوانی کارەکیدایە، تیشکخراوەتە سەر کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک لەسەر زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی. لەبەرئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پانتاییەکی بەرفراوانیان لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگادا داگیرکردووە و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی پەیوەندیکردن و گەیاندنی بیر و پەیامە لە نێو ئەو کۆمەڵگایەدا، بۆیە بەدرێژایی ڕۆژ، سوود لەم تۆڕانە دەبینرێت و بووە بە بەشێک لە ژیانی بەکارهێنەرانی، بەڵام بەهۆی جیاوازی بەکارهێنەرانییەوە گۆڕانکاری لەزمان و فەرهەنگدا درووستکردووە. ئەمەش وایکردووە توێژینەوەکەمان بۆ ئەو بابەتە تەرخانبکەین و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو کاریگەرییە بخەینەڕوو، ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەی تۆڕکۆمەڵایەتییەکان. بەشی دووەم: کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی.

**کلیلە وشە:** تۆڕی کۆمەڵایەتی، فەیسبوک، ئاستەکانی زمان، فەرهەنگی گشتی، فەرهەنگی ئاوەزی.

**پێشەکی**

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئەمڕۆدا جێگەی بایەخی مرۆڤایەتییە و بەشێکی زۆری کایە جیاوازەکانی داگیرکردووە، بەو هۆیەشەوە، لەنێو کۆمەڵگایی کوردیدا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە لە ڕەگەز و تەمەنە جیاوازەکاندا، لەرێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە تاکەکانی کۆمەڵگا پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەکەن و بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن، لێرەوە جیاوازی زمانی و کورتبڕی و هێنانە ناوەوەی وشەی نوێ بەدی دەکرێت، بۆیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی بەجێ دەهێڵێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:** تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوک)، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمان و فەرهەنگ هەیە و بەبەردەوامی وشە و دەستەواژەی نوێ دەهێنێتە ناوەوە و گۆڕانکاریش لەئاستەکانی زماندا دەکات، بۆیە پێویستە بەبەردەوامی توێژینەوەی نوێ لەسەر وەها بابەتێک بنوسرێتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** ڕێبازی (پەسنی شیکاری)مان گرتووەتەبەر، واتە بە پشتبەستن بەم ڕێبازە هەوڵدراوە وردەکاری بابەتەکان نیشانبدرێت.

**سنووری توێژینەوە:** لە سنووری کاریگەری تۆڕی کۆمەلایەتی "فیسبوک" لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست لەخۆدەگرێت و نموونەکانیش هەر ئەو دەق و گفتوگۆ و کۆمێنتانە دەگرێتەوە، کە لەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە دەبینرێن.

**ئامانجی توێژینەوە:** دەرخستنی گاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تۆری کۆمەڵایەتیی "فەیسبوک"، کە بەهۆی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکاری دیاری کردووە لە سەر ئاستەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی.

**ناوەرۆکی توێژینەوە:**

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە لایەنە تیۆرییەکەیە، کە بۆ زاراوە و پێناسە و چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تەرخانکراوە.

**بەشی دووەم:** لەم بەشە باسی کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی "فەیسبوک" لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردیمان کردووە.

## بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

### ١/١ ناساندێکی گشتی بۆ میدیایی دیجیتال

گۆڕانکارییە بەردەوامەکان چەمک و زاراوەی نوێیان لەبارەی میدیاوە هێناوەتەکایەوە، ئەمەش وایکردووە جیاوازی بۆچوون بۆ میدیا و میدیای دیجیتاڵ بێتە ئاراوە، بەشێوەیەک بەشێک لە پسپۆڕان رایان وایە: کە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرامبەرە بە میدیای دیجیتاڵە، بەڵام کۆمەڵێکی دیکە لە پسپۆڕان تۆرکۆمەڵایەتییەکان بە دیجیتاڵ میدیا ناودەبەن. بەڵام "بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ بەرهەمهێنانی بەرنامە ڕاستەوخۆکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ساڵی ١٩٦٠ هەڵکشانی بەخۆیەوە بینی هاوکات دەرکەوتنی بەرنامەکانی وەک ئۆپرا و بەرنامەکانی بەیانیان لە ئەمریکا و تابلوید و دەرکەوتنی تەلەفزیۆنی کارلێکی، کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە بەیەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیجیتاڵ میدیا دادەنرێت ڕادەی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەی زیاتر کرد"(حویجە،٢٠٢٢: ٢٧). لەساڵانی ١٩٦٠ بەدواوە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر چەمکی دیجیتاڵ میدیا بەکارهێنراوە. هەر ئەمەش بووە خاڵی جیاکەرەوەی میدیای کۆن و نوێ، هەرچەندە بەشێک لەپسپۆڕان وای دەبینن هەر میدیا کۆنەکانە و بەڵام بە میکانیزم و ئامرازی نوێوە خۆی دەرخستووە. بۆیە مێژوویەکی دیاریکراویش بۆ میدیای دیجیتاڵ ئەستەمە.

دیجیتاڵ میدیا چەمکێکی نوێیە و زۆربەی چین و توێژەکان بەکاریدەهێنن. لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکەوە چەندین پێناسەی جیاوازیان خستووەتەڕوو لەوانە:

میدیای دیجیتاڵ بریتییە لە "سەرجەمی ئەو هونەرە ڕۆژنامەوانیانە، کە لەڕێی تۆڕە زانیارییە ئەلکترۆنییەکانەوە پەخشدەکرێت و دەرفەتی گەیاندن دەرەخسێنێت و بە پرۆسەی تەکنەلۆجی و کارامەیی دابەشکراوە بەسەر چەند ئایکۆنێکی تایبەتدا بۆ ئامادەکردنی هەواڵ و بابەتە نوێیەکان لە ڕێی دەستەی چاودێر و هەواڵسازە پرۆفیشناڵەکانەوە"(طنطاوی، ٢٠١٦: ١٢٧).

### ٢/١ پێناسەی تۆڕەکۆمەلایەتییەکان

تۆڕەکۆمەلایەتییەکان ئەو ئامرازانەن، کە دەتوانن پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دروستبکەن، بەشێوازی جۆراوجۆر، بۆیە لەڕێگەی ئەم تۆڕانەوە تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانن بیر و بۆچوونەکانیان لەنێوان یەکتردا ئاڵوگۆڕ

پێ بکەن، چ بەشێوەی دەنگ، یاخود، ڤیدیۆ، یاخود نووسین بێت. "میدیاکان بەئامێرەکانی گواستنەوەی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر یان چەند وەرگرێک دەوترێت، کە ڕۆژنامە، کتێب، ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن مانگی دەستکرد، تەکنەلۆژییە نوێیەکانی پەیوەندی و زانیارییەکان و ئەنتەرنێت و ...هتد لەخۆدەگرێت"(فەرەج و محەمەد،٢٠٢٠: ٣١٨).تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک جۆرێکی نوێی ماڵپەڕ لە ئێستا دا بەکارهێنەر و هەوادارێکی زۆریان بەدەستهێناوە.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زاراوەیەکە ئەو ماڵپەڕ و ئەپانە دەگرێتەوە، کە تیشک دەخەنە سەر دروستکردنی پەیوەندی و دروستکردنی کۆمەڵگایەک لە نێوان خەڵکدا لەسەر ئینتەرنێت. لەم تۆڕانەدا خەڵک لەگەڵ یەکتر کارلێکدەکەن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکانیان، هاوبەشکردنی ناوەڕۆک و هاوکاریکردن. "تۆڕێکی ئەنتەرنێتی کۆمەڵایەتییە بۆ بەستنەوەی هاوڕێیان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا"(کاکەشێخ، ٢٠١٥: ٢٧).

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی میدیایی نوێ دادەنرێت، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیە ناسێندراوە، کەوا کۆمەڵە خەڵێک پێکەوە گرێ دەدات. "لە ڕێگەی سەرچاوەیەکی دیارەوە پەیوەندییان دروستکردووە، سەرچاوەکە گونجاوە کارێک بێت، کارمەندەکانی ئەو کارە کۆبوونەتەوە و تۆڕێکی سەربەخۆیی کۆمەڵایەتییان پێکهێناوە"(ئیبراهیم، ٢٠١٤: ٦٩).

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە یەکێکە لە جۆرەکانی سۆشیال میدیا دادەنرێت و شوێنێکە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایی مەجازی و تۆڕکردنی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، بۆیە توانیویانە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ڕابکێشن، هەندێک لە شیکارانی وێب پێیان وایە، ئەم جۆرە سایتانە داهاتووی فەزای ئەلیکترۆنین

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک ئەپلیکەیشنن لەسەر ئینتەرنێت، لەسەر بنەمای بیرۆکەیەک و لە چوارچێوەی تەکنەلۆژیای وێب دامەزراوە، ڕێگە بە دروستکردن و ئاڵوگۆڕی ناوەڕۆک دەدات، کە بەکارهێنەران دروستیان کردووە. بەردی بناغەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارلێکی کۆمەڵایەتییە، ڕێگە بە بەشداربووان دەدات بۆچوون و بیرۆکە و زانیاری خۆیان لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا هاوبەش بکەن.

پەیوەندی بە کۆمەڵ لەخۆوە دروست نابێت، بەڵکو پێویستی بە ئامرازێکە لە ڕێگەیەوە بتوانێت لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی زۆردا پەیوەندی دروست بکرێت و ئەم ئامرازەش بەم میدیایە دەکرێت (تەلەفیزۆن ، فیلمی ڤیدیۆیی، میدیایی نوسراو، مانگی دەستکرد، ئەنتەرنێت واتە(تۆڕی کۆمەڵایەتی) بێت)(خورشیدیان،١٣٩٣: ٧٦_٧٧). تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەك فەزایەکی ئازاد دەژمێردرێن. لەم چەند ساڵەی دواییدا، لەوەی پێشبینی دەکرا زۆر زیاتر بڵاوبوویەوە، داینەمۆی کارابوونەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانو بەئاگا هاتنەوەی گەلانی مافخوراو و ستەملێکراوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاو سنووریان نەهێشت و خۆیان بەهەموو وڵات و ماڵ و خێزانێکدا کرد.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گرنگنە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی نوێ، لە چەند خولەکێکدا دەگاتە هەمووان. ئەمە یەکێکە لە سوودەکانی ئەم تۆڕانە، کە زۆر بەسوودە لە ژیانی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا و دادپەروەری دابین دەکات لە دەستگەیشتن بە زانیاری، هەروەها بەپێی ئامارەکان ئەم میدیایانە، توانیویانە بە شێوەیەکی بەرچاو کارامەییەکان فراوان بکەن و چیتر سنووری تەمەنیان نییە بۆ ئەوانەی حەزیان لە فێربوونە. لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە خەڵک دەتوانن قسە لەگەڵ هەر کەسێک بکەن، کە دەیانەوێت، تەنانەت لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە نایانناسن و لە لایەکی دیکەی جیهان دەژین. ئەم پەیوەندییانە زانیاری و ئاڵوگۆڕ زیاد دەکەن و تێگەیشتنی خەڵک لە کلتوور و تایبەتمەندییەکانی بوارەکانی تر زیاد دەکەن. بۆ نموونە، فێربوونی زمانێکی بیانی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر ئاسانتر بووە. پەیوەندییکردن بەواتای پەیوەستبوونی شتێك بەشتێکی ترەوە دێت، لەلایەن مرۆڤەوە هەر پەیوەستبوونێك دەچێتە خانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

تۆڕی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو تۆڕانەی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە، کە ئامانج لێیان بەستنەوەی تاکەکان و کۆمەڵە بەیەکەوە، بۆ بەرەودان بەپەیوەندییەکانی نێوانیان بەپێی ویست و ئارەزووی تاکەکان سەدان سایتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بوارە تایبەتمەندە جیاوازەکان، هەروەها بە زمانی جیاواز بۆ بەکارهێنەرانی وڵاتانی جیاواز لە ئینتەرنێت کاردەکەن. بەکارهێنان و تواناکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆر هەمەچەشنن و ئەم سایتانە ئارەزویان هەیە زۆرترین بڕی پێویستی ئۆنلاین بۆ بەکارهێنەرانیان دابین بکەن.

**٣/١ بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەپێی تەمەن و بیر و خولیا**

بەو پێیەی، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان خزمەتگوزاری جۆربەجۆر پێشکەش بە بەکارهێنەرانیان دەکەن، بەکارهێنەرانیش بەپێی پێویستی و بواری کارکردنیان سوود لەم خزمەتگوزارییانە دەبینن، ئاشکرایە، کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەندین کار و پیشەی جیاواز هەیە، هەروەها ئەم کار و پیشانەش لەزۆر باردا بەگوێرەی تەمەن و بیر و خولیا دابەش دەبێت، بۆیە گروپێک لە تەمەنە جیاوازەکان "لەرێگەی یەك سەرچاوەی دیارەوە پەیوەندییان دروستکردووە، سەرچاوەکە دەکرێت کارێك بێت، کارمەندەکانی ئەو کارە کۆبونەتەوە و تۆڕێکی کۆمەڵایەتیان پێکهێناوە، مەبەست لێی بەستنەوەی خەڵکە بەیەکترەوە, کە لەرێگەی کۆمپیوتەر یان هەر ئامرازێکی دیکەوە، بەشێوەی ئۆنلاین پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن"(ساڵح، 2018: 191).

ئینتەرنێت وەک تەکنەلۆژیایەکی بەربڵاو و باو لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر بەکارهێنەری هەیە، و پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت بە بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیکردن، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی وەک ئاسانی لە بەکارهێناندا. هەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە چەندین خزمەتگوزاری بە دەستدەهێنین و کارئاسانیمان بۆ دەکات، لەگرنگترین خزمەتگوزارییەکانیش:

١- بە دەستهێنانی زانیاری هەمەچەشن لە بوارە جیاوازەکان بە نووسین و دەنگ و نمایشی جووڵە.

٢-بەستنی پەیوەندی لە دوورترین شوێنی دنیاوە لەگەڵ تاک و گرووپ بە ئیمێڵ یان دەنگ یان بە دەنگوڕەنگ بە ڕاستەوخۆیی یان ناڕاستەوخۆیی .

٣- بازرگانیکردن و ڕێکلام کردن .

٤- کات بەسەربردن و دوور کەوتنەوە لە جەنجاڵی .

٥-فێربوون و فێرکردن و بواری زانستی و توێژینەوە (عەلی و سعدی،٢٠١٦: ٧٨٥).

**١-٣/١ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی تەمەن:**

بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ئاستە جیاوازەکانی تەمەندا دەبینرێت، بۆیە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان بەکارهێنانیش جیاوازی تێدا بەدیدەکرێت، منداڵان و هەرزەکاران تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زۆر بەکاردەهێنن. ئەمە بەشێکە لە چالاکییەکانی ڕۆژانەیان. هەروەها ماڵپەڕەکان دەرفەت بۆ منداڵان و هەرزەکاران دەڕەخسێنێت، بۆئەوەی چێژ و کارلێکی کۆمەڵایەتییان هەبێت، بۆیە جۆرە جیاوازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێک دەڕەخسێنن بۆ چالاکی بەردەوام، توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بەسوودبن بۆ منداڵان و هەرزەکاران و تواناکانی پەیوەندیکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت شارەزایی تەکنیکیشیان باشتربکەن. لەهەمانکاتیشدا دەکرێ زیانیان پێبگەیەنێت، لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەی منداڵان و هەرزەکاران بە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەپێی ئامارەکان، زۆرترین بەکارهێنەری ئەم تۆڕانە (فەیسبووک) بەکاردەهێنن، کە 113 ملیۆن کارمەندی هەیە، دواتریش سناپ چات، کە 66 ملیۆن بەکارهێنەری هەیە، ئینستاگرام 52 ملیۆن بەکارهێنەری هەیە، تویتەریش بە 20 ملیۆن بەکارهێنەر لە پلەی سێیەم و چوارەمدایە.

زۆرێک لە توێژەران دەڵێن منداڵان و هەرزەکارەکان پێویستە فێری ڕێگای ڕاستبن بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستە پەروەردەکاران ئەم پلاتفۆرمانە بەکاربهێنن بۆ باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ منداڵان و هەرزەکارەکاندا.

لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە لەسەر کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر پەروەردەی منداڵان و هەرزەکاران و چۆنیەتی گۆڕینی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ پەروەردە. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕێگای نوێ بۆ فێربوونی قوتابیان دەرەخسێنن و پێویستە پەروەردەکاران پێشوازی لەم پلاتفۆرمە نوێیانە بکەن. خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆپەیوەندیکردن و یاریکردن و کات بەسەربردن و ئەنجامدانی هەندێك کاری تر بەکاردەهێنن. مامۆستایانیش لە هەندێک لە قوتابخانەکان سەرکەوتووبوون لە بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ یارمەتیدان لە فێرکردن و بەهێزکردن و فێربوونی زمان و توانای نووسین و زیادکردنی توانای فێرخوازان. سەرەڕای ئەوەش، دەتوانرێت ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بەکاربهێنرێت بۆ کۆبوونەوە لە دەرەوەی پۆل هاوکاری یەکتری بکەن، بیرۆکەکانیان دەربارەی ڕاهێنان و پرۆژەکانیان بڵاوبکەنەوە. کەواتا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی نوێ و سەرنجڕاکێش بۆ منداڵان و هەرزەکاران دەرهخسێنن.

(لەدایکبووی 1997_-2012) شارەزایە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر، لەوانە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، چالاکی و دروستکردنی ناوەڕۆک. ئەوان ئەو پلاتفۆرمانەیان پێ باشترە، کە ڕاستەقینە و داهێنان و دەرفەت بۆ دەربڕین پێشکەش دەکەن، وەک تیک تۆک، سناپ چات و ئینستاگرام. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەیوەندیکردن، دەربڕینی خۆیان و ڕابواردن بەکاردەهێنن. ئەوان بەکارهێنەری چالاکن لە پلاتفۆرمەکانی وەک ئینستاگرام، سناپ چات و تیک تۆک، کە تێیدا ناوەڕۆکی بینراو و ڤیدیۆی کورت زاڵن ( Vishnu، www.quora.com).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی دەستبەجێ دابین دەکەن، ڕێگە بە نەوەی گەنج دەدات پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانیان بکەن و نوێکردنەوەکان لە کاتی ڕاستەقینەدا بڵاو بکەنەوە. بەکارهێنەرانی گەنج زۆرجار تۆڕێکی جیهانییان هەیە، کە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانیان لە سەرانسەری جیهانەوە دەکەن، تێڕوانین و هۆشیاری کولتوورییان فراوانتر دەکات. نەوەی گەنج زۆرجار حەز بە نامەنووسین دەکەن لە ڕێگەی پەیوەندییە تەلەفۆنییە نەریتییەکانەوە، تاکەکانی گەنج بە شێوەیەکی گشتی لایەنی زیاتر لە ژیانیان هاوبەش دەکەن، نەوەی گەنج بەکارهێنانی ئیمۆجی و کورتکراوەکانیان وەک شێوەیەکی دەربڕین بەناوبانگ کردووە ( dir. pinkeye N Bhardwaj، www.quora.com).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی خواست و ئارەزووی بەکارهێنەران لەتەمەنە جیاوازەکاندا بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

**١- منداڵ:**

منداڵانی (٥-١٢) ساڵان زۆرترین کاریگەرییان لەسەر هەیە، بە تایبەت ئەپی تیکتۆک، کە لە ساڵی (٢٠٢٣)ەوە ئەم ئەپە بوو بە بەکارهێنراوترین ئەپی کۆمەڵایەتی، کە لە نێو منداڵان بەکاردەهێنرێت و زیاتر بۆ بینینی ڤیدیۆی کورتە، هەروەها یوتیوب ئەپێکیترە کە لە لایەن ئەم تەمەنە بینەری زۆری هەیە، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن، کە ئەم ئەپانە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیشیان هەیە، ئەرینییەکە لەو ڕووەوەیە، ئەگەر بە ئامانجی فێربوون بەکاربهێنرێت، سوودی زۆردەبێت لە ڕووی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی و لە ڕووی لێهاتوویی زمانی، کاریگەریی نەرێنی لەوە دەبینرێت، ئەگەر بە بێ ئامانج و بە بێ چاودێری دایکوباوان بەکاربهێنرێت، زیانیان زۆر دەبێت لەسەر ئەو تەمەنە و دەبێتە هۆکاری لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لاوازی شارەزایی زمانیی و خراپبوونی زمانی دایک لە لای منداڵان. "سروشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش تێکەڵکردنی ڕۆشنبیریی و کەلتوری نەتەوەکانە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر زمانی بەکارهێنەران دەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر تێکەڵکردنی وشەکانی زمانەکان دەبێت" (محمد و عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ١٤٨) ، ڕەنگدانەوەی زمانی ئیگلیزی زۆر بە زەقی لە قسەکردنی

ئەم تەمەنە دەبینرێت بە تێکەڵکردنی وشەی ئینگلیزی لەگەڵ زمانی کوردی، تەنانەت بۆ ڕێنووسەکەش هەڵەی بەکارهێنانی ئەلف و بێی کوردی لاوازکردووە کە ناتوانن هەندێ پیت وێنەکانیان -هێمای دەنگەکان- لەیەک جیابکەنەوە.

٢- **هەرزەکار:** تەمەنی هەرزەکاری زیاترلە ١٣ ساڵ دەستپێدەکات بۆ ١٩ ساڵان، ئەمە تەمەنی گەورەترین گۆڕانکاریی لە زمانیان دەبینرێت و ئەوەی جێی سەرنجە لە لای ئەم تەمەنە کورتکراوەکان زۆر بەکاردەهێنن لە نوسیندا و زمانی تایبەتی نێوان خۆیان دروستکردووە و لە فەیسبوک، ئینستاگرام و تیکتۆکدا، شێوازی نوێی قسەکردن دەخنەکار و زمانی ئینگلیزی و کوردی تێکەڵ دەکەن وەک ئەم وشانە بە زمانەکەیان تێکەڵکردووە "هەی برۆ، واتس ئاپ"، هەروەها مەرجەعە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە زمانیان.

**٢ _ گەنجان**

لە سەردەمی ئێستادا، تۆڕە کۆمەڵایەتییاکان بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی ڕۆژانەی گەنجان - گەنجان مەبەستمان لە تەمەنی ٢٠ ساڵ بۆ ٣٠ ساڵییە- کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پەیوەندییکردن و بەکارهێنانی زمان، کە بەپێی دۆخەکە دەگۆڕێت، لە کارەکانیاندا زمانی فەرمی بەکاردەهێنن، بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر ئازادن، ئەوان باشترین توانایان بۆ گۆڕان هەیە. گروپە گەنجەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەکاردەهێنن و بۆ مەودایەکی فراوانتر بەراورد بە تەمەنەکانیتر. بەپێی توێژینەوەیەکی ناوەندی توێژینەوەی پیو، 95٪ی ئەو کەسانەی تەمەنیان (لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵدایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، هەروەها گروپە گەنجەکان چەندین پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. بەپێی هەمان لێکۆڵینەوە، ئینستاگرام و سناپ چات لە نێوان ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵدایە زیاتر بەناوبانگن، لە کاتێکدا فەیسبووک لە تەمەنی گەورەتردا بەناوبانگترە)( Bryan-Coleman، www.quora.com).

**٣- گەورەکان**

ئەتوانیین ئەم تەمەنە دابەشبکەین بەسەر دوو بەش، بەشی یەکەم تەمەنی ٣٠ ساڵێ بۆ٥٠ ساڵی و بەشی دووم لە ٦٠ ساڵی بەرەو ژوور، ئەم تەمەنانە زیاتر پابەنددەبن بە یاساکانی زمانی تەقلیدی و بایەخ بە ڕێنوسی دروست دەدەن و کەمتر ئیمۆجی بەکاردەهێنن، ئەگەرچی هەندێک وشەی نوێ بەکاردەهێنن، حەز بە ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ دەکەن وەک لە نوسین، زۆرینەیان فەیسبوک و واتساپ و ڤایبەر بەکاردەهێنن. بەتەمەنەکان لەڕێگەی فەیسبوکەوە ئاشنا دەبن بە وشە و زاراوەی بەشە دیالێکتیکە جیاوازە کوردییەکانەوە، بە تەمەنەکان زۆرجار حەزیان بۆ ئەم جۆرە تێکەڵاو بوونە هەیە. لە ڕێگەیەوە ئاشنای وشە و زاراوەی نوێ دەبن. ئەمەش کارییگەرییەکی ئەرێنی ئەم تۆڕەیە لەسەریان.

ئەو کەسانەی لەنیوان ساڵانی (1960-_1980) بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەلایەتییەکانن و تۆڕێکی کۆمەڵایەتی وەك (فەیسبوك) بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندیکردنی کەسی و پیشەییەکانیان. واتا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ مەبەستی پیشەیی و ئاگاداربوون.( Vishnu، www.quora.com).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازێک بۆ گەورەکان بۆئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیاندا بمێنێتەوە و زانیاری نوێ بڵاو بکەنەوە و ببنە بەشێک لە ژیانی منداڵ و نەوەکانیان. هەندێک لە کەسانی بەتەمەن لەوانەیە ئەزموونی فێربوونی لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ بکەن، بەڵام کاتێک ئاسوودەتر دەبن، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندیکردن و زانیاریی. لە نەوەی بەتەمەن لەوانەیە زیاتر پارێزراو و هەڵبژێردراو بن دەربارەی ئەوەی لەسەر ئینتەرنێت بڵاوی دەکەنەوە. لە کاتێکدا نەوەی بەتەمەن هێشتا بەهایەکی زیاتر لەسەر گفتوگۆ تەلەفۆنییەکان دابنێن.( d.r pinkey N Bhardwaj، www.quora.com).

### ٢-٣/١ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ( بیر و خولیا)

بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئێستای مرۆڤەکان و لەم فەزای ناڕاستەقینەدا کەسانی ڕاستەقینە، کە کەسایەتی جیاوازیان هەیە، چالاکن و ئەم جۆرە کەسایەتییە جۆراوجۆرانەش بە ڕوونی لە جۆری چالاکییەکانیاندا دەبینرێت. هەروەها تایبەتمەندی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندیی کەسێتی بەکارهێنەر و بە تایبەتمەندی ئەو پلاتفۆرمانەوە هەیە، کە سەردانیان دەکەن. لێرەدا باس لە جۆرەکانی کەسانی چالاک(بەپێی خولیا و بیر) لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین.

#### ١_ فەلسەفی

کەسێک، کە زۆرجار پۆستی زۆر درێژ بڵاودەکاتەوە، کە تێڕوانینە فەلسەفیەکانی خۆی لەسەر بابەتگەلێکی جیاواز ڕووندەکاتەوە بۆ ئاشناکردن بە فەلسەفەی گەردوون، لە هەمان کاتدا توانای نووسین و توانای زمانی خۆی بە وشە پیشان دەدات.بۆ نمونە(چۆلەکەی ئەقڵ بەسەر ئەم مەملەکەتەدا نافڕێت).

#### 2_حەز بە لایک و شەیر

ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە بە شێوەیەکی باو و دەتوانرێت ببینرێت، کە هەموو پۆستێک شەیر دەکرێت بۆ ئەوەی بینەر ڕابکێشن، تەنانەت، ئەگەر کارلێککردنەکە بۆ هاندانی کەسانی دیکەش بێت دژی ئەوان، بۆ نموونە: وێنەی بامیەیەک دادەنێن و دەنووسن لە ژێرەوەیدا، "واو، چ خواردنێکە"

#### 3_ لاپەڕە هەڵدەرەوە

ئەم جۆرە کەسانە لە واقیعدا بوونیان هەیە، ژێرکۆمەڵەکانی ئەم پۆلە ئەو کەسانەن، کە بە پشتبەستن بە وێنەی پەیج داواکاری هاوڕێیەتی دەنێرن و ئەگەر یەکێکیان قبوڵ بکەیت، پەیامێکی ڕاستەوخۆ دەنێرن: سوپاس بۆ قبوڵکردنی هاوڕێیەتی من، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەناکاو چەند ئاگادارکردنەوەیەکت پێدەگات. زۆرجار چارەنووسی ئەم جۆرە کەسانە بلۆک کردنە.

#### ٤_ شاراوە(پەنهان)

ئەم جۆرە کەسانە بە گشتی پۆست ناکەن، لەبەر هەر هۆکارێك بێت، یان دەگەڕێتەوە بۆ تەمبەڵی خۆیان، چونکە ئەگەر شەیری بکەیت و باسی بکەیت یەکسەر وەڵامیان دەبێتەوە.

#### ٥_ بەدواداچوون

ئەو کەسانەن جگە لە فۆڵۆوکردن و چاودێریکردنی پەیجی بەکارهێنەران و شیکردنەوەی کۆمێنت و پۆستەکانیان و بەدواداچوون بۆ شوێنی وێنەکان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هیچ چالاکیەکی تر ناکات و بەشێوەیەکی گشتیش بەدوای وردەکاریدا دەگەڕێن و چاودێری ئەوانی تر دەکەن. ئەم کەسانە کەسانێکن، لە جیهانی سۆشیال میدیادا بوونیان هەیە، بەڵام ئێمە هەست بە بوونیان ناکەین، ئەگەر سەردانی ئەکاونتەکەیان بکرێت، بۆمان دەردەکەوێت، کە بێبەشن لە هیچ کارلێک و ناوەڕۆکێک.

#### 6_ لێزان، دانا (حەکیم)

مرۆڤی ژیر ڕۆژانە بە وتە و ئامۆژگاری و وتار بە وێنەی خۆیەوە پۆست دەکات، کە وێنەکەی هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، کە نووسراوە.

### 7_ پەست و نائومێد

ئەم جۆرە کەسانە بەرپرسن لە نەرێنیترین وزەی جیهان، ئەکاونتەکانیان پڕە لە ڕستەی نائومێد و نەرێنی و تاریکی.

### 8_ ژیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

کەسانێک هەن، کە هیچ پلەیەکی تایبەتمەندی لە ژیانیاندا نییە و هەموو وردەکارییەکانی ژیانی خۆیان لە سۆشیال میدیادا بڵاودەکەنەوە.

**بەشی دووەم: کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی**

زمان دیاردەیەکی زیندووە و بە بەردەوامی لە نوێبوونەوەدایە. بەپێی هەلومەرجی سەردەم گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە دەبینێت. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا ئەو ئامرازانەی، کە بەکاری دەهێنێت ڕوو لە زیادبوونە. بۆ ئەم کەرەستە و ئامرازانەش بێگومان پێویستی بە داهێنانی وشە و دەستەواژەی نوێیە، یاخود خواستنی وشەی نوێ لە زمانی دیکەوە، لەبەرئەوەی ئەو کە لێنە پربکاتەوە، کە لەنێوان ئاخێوەرانی زمانەکەدا دروست دەبێت، دیارترین ئەو ئامرازانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بوونی هەیە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە "وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی کردن و نزیک بوونەوەی کۆمەڵگە لەیەکتری، بێگومان هەرشتێک لەژیانی مرۆڤدا ڕوودەدات کاریگەری بەسەر زمانیشەوە جێدەهێڵێت، هەربۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر زمان بە گشتی هەیە"(فەرەج و محەمەد،٢٠٢٠: ٣١٩).

بابەتێکی سەرەکی لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا وەکو خەسڵەتێکی دیاری زمانەوانی بوونی هەیە، ئەویش زمانەوانی کارەکییە، ئەم بابەتە خۆی لە چالاکییە زمانییەکانی زمانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەشێوەی پراکتیکی دەبینێتەوە، بۆیە "زمانەوانی کارەکی پابەندە بەلێکۆڵینەوەی زمان لەو بوارانەی، کە پەیوەندییان بە کێشە کردەییەکانەوە دەبێت. وەک فەرهەنگسازی و تاقیگەکانی زمان و وەرگێران و تەکنەلۆژیا... هتد"(حوسێن،٢٠٢١: ١٥٧-١٥٨).

تەکنەلۆژیا و زمان لە سەرەکیترین پێداویستیەکانی مرۆڤایەتین، مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی پشتی بە تەکنەلۆژیا بەستووە و ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، بێگومان لە دیارترین ئامرازە تەکنەلۆژییەکانیش تۆڕە کۆمەلایەتییەکانە، لەو نێوەندەشدا فیسبوک کاریگەریترین ئامرازە، بۆیە ئەم ئامرازی گەیاندنە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر زمان، چونکە وەکو هۆکاری گەیاندنی بیر و پەیام بەکاردەهێنرێت.

لەبەرئەوەی فەیسبوک بەکارهێنەری جۆراوجۆری هەیە، بۆیە فرەجۆری لە زماندا دەهێنێتە کایەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر زمان و فەرهەنگی زمانی، چ لە ئاستەکانی زماندا بێت، یاخود ئاخاوتنی ڕۆژانە، یاخود فەرهەنگی زمان, سەرباری ئەوەش لە گۆڕانکاری لە ڕێنووس و لایەنەکانی دیکەشدا دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە خودی (ئەپەکە) چەندین وشە و زاراوەی جیهانی تایبەت بەخۆی هەیە و لەگەڵ خویدا دەیهێنێتە ناو زمانی بەکاربەرانی لە زمانی نەتەوە جیاوازەکاندا.

فەیسبوک کاریگەری لەسەر زمان و گەیاندن دادەنێت، بەشێوەیەک یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی مرۆڤ زمانە، کە بۆ پەیوەندی کردن و گەیاندنی بیر بەکاردەهێنرێت لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیەکدا، لە هەمانکاتدا بۆ پەیوەندی کردنی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانیش بەهەمان شێوە بەکاردەهێنرێت، ئەم پەیوەندیکردنە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا لەزۆر باردا لەڕێگەی تەکنەلۆژیا و بەدیاریکراویش فەیسبووکەوە دروست دەبێت.

ڕێنووس، شێوەی تایبەتی نووسینە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێویستە هەر وشەیەک چۆن گۆدەکرێت بەو شێوەیەش بنووسرێتەوە، کەواتا بەپێی سیستەمی ڕێسا و یاسا پیتەکانی زمان دەنوسرێتەوە. بۆیە دەگوترێت ڕێنوس

بریتییە لە "کۆمەڵێک دەستور، کە بەهاریکارییان ئاخاوتنی ئێمەیان پێ دەنوسرێت، ئەوەی دەنوسرێت، ئەگەر لە دەستور لابدات هەڵەی ڕێنووس دەکات"(حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٨٦)، ئەو یاسا و ڕێسایانەی، کە تایبەتمەندن بە ڕێنوس لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا و بەتایبەتی فەیسبوک، تێک دەشکێنرێن و کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەستوری زمان و تەنانەت فەرهەنگی زمانەکەش دەبێت.

وشەی هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە فەرهەنگی زمانەکەشدا جێگەی خۆی کردووەتەوە، بەڵام بەهۆی فەیسبووکەوە، چ زاراوەی ناو ئەپەکەبێت، یاخود ئەو زاراوە بیانیانەی، کە لە ڕێگەی بەکارهێنەرانی فەیسبوکەوە بێت. بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری لەسەر زمانەکە دروست دەکەن و جێگەی خۆیان دەکەنەوە، جا ئەو وشانە لەسەرەتاوە دەکرێت لەگەڵ زمانەکەدا ململانێیکەن و دواتر بەهۆی نەبوونی وشەیەکی فەرهەنگی بەرامبەر بەو وشەیەی، کە لەڕێگەی فەرهەنگەوە هاتووە، جێگەی خۆیان قایم دەکەن و دەبنە وشەیەکی فەرهەنگی و لەزۆر باردا کێشە بۆ فەرهەنگی زمانەکە دروست دەکرێت، چونکە دەکرێت لە هەندێک شێوەزاردا وشەی هاوتا ببینرێتەوە بەرامبەر بەو زاراوانەی لە ڕێگەی فەیسبوکەوە دێنە ناو فەرهەنگی زمانەوە. لەبارەی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی ورد لەبەشەکانی تر تیشکمان خستووەتەسەری و نمونەی پێویستمان بۆ هێناوە.

هەر لە ڕێگەی فەیسبووکەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی ڕستەی کوردیش بەدی دەکرێت، ئەگەرچی ئاستی ڕستەسازی کەمتر گۆڕانکاری بەسەردادێت و تاڕادەیەک یاسای نەگۆڕی هەیە، بەکارهێنەرانی فەیسبوک زۆرجار یاری بەوشەکانی ڕستەیەکی دیاریکراو دەکەن، کە بە مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاریدەهێنن.هەندێکجار ڕستەیەکی دیاریکراو دەبێت بە (ترێند) و لەناو خەڵکیدا بڵاودەکرێتەوە، بەڵام هیچ بنەمایەکی دەستوری زمانەکەی نییە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی بۆسەر زمانەکە دەبێت.

زمان هەمیشە لە ململانێدایە لەگەڵ ئەو وشە و زاراوانەی، کە لەگەڵ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دێنە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە، لە کۆتاییدا ئەو زاراوانە بەسەر فەرهەنگی زمانەکەدا زاڵدەبن و جێگەی خۆیان دەکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە بەرانبەری ئەو وشانە لە فەرهەنگی ڕەسەنی زمانەکە نابینرێت، یاخود ئەو زاراوانە زاراوەی تەکنەلۆژین و داهێنراوی زمانەکانی دیکەن، لەلایەکی دیکەشەوە زۆر بەکارهێنانی ئەو زاراوانە وایان لێدەکات، کە وەکو زاراوەیەکی خۆماڵی ببینرێن و بەکاربهێنرێن.

**١/٢ کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستەکانی زمان**

**١/٢-١ ئاستی دەنگسازی**

دەنگسازی دوو بەش دەگرێتەوە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، مەبەستی ئێمە لەم بابەتە بەشی فۆنۆلۆژییەکەیەتی، لەبەرئەوەی هەر زمانێک چەند تایبەتمەندییەکی دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندییانە دەبنە بنەما بۆ جیاکردنەوەی زمانەکان لە یەکتری لە ڕووی سیستەمی دەنگیەوە، زمانی کوردیش وەکو زمانەکانی تر یاسای دەنگی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر لادانێک لەو سیستەمە یاسایانە دەبێتە هۆکاری گۆڕان لەسیستەمی دەنگی زمانەکە، بۆیە فەیسبوک کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر ئەو ئاستە. ئەگەرچی تەنها لەسەر ئاستی چەند دەنگێک ڕوودەدەن، کەواتا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کەمتر توانیویانە لەم ئاستەدا کاریگەری و گۆڕانکاری دروستبکەن.

لەم ئاستەدا چەند پیتێکی دیاریکراو بەپێی حەز و خولیا و مەبەست لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەکاتی نامەگۆڕینەوە(چاتکردن)دا لەزۆر باردا ژمارەیەکی ئینگلیزی بۆ دادەنرێت، ئەم شێوازی بەکارهێنانەش زیاتر لەلایەن بەکارهێنەرانی هەرزەکار و گەنجانەوە بەدی دەکرێت، وەک لە کەسانی بەتەمەن، نواندنی پیتەکان بە ژمارە سیستەمی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردی زۆر جیاواز دەبێت لە زمانە فەرمییەکەی دیارترین ئەو پیتانەش بریتین لە:_

١_ پیتی (ح) ئەم پیتە لەکاتی نوسینی نامەی ئەلکترۆنی (چاتکردن)دا، و کاتێک بە ئەلف و بێی لاتینی دەنوسرێت، لەلایەن بەشێک لە بەکارهێنەرانەوە، بەچەند مەبەستێکی جیاواز ژمارەی(٧)ی بۆ دادەنرێت. دیارە بەپێی فەرهەنگی ئاوەزی نێرەر و وەرگر تێگەیشتنی باش ڕوودەدات، چونکە هەردوولا دەزانن ئەو ژمارەیە بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنن، بۆ وێنە لە وشەکانی:

_ (حەوت) کاتێک بەلاتینی دەنوسرێت دەبێت بە (7awt).

_ (حەسود) دەبێت بە (7aswd)

٢_ پیتی(ع) لەکاتی نووسینی چاتی فەیسبوکدا و لەوکاتەی، کە کیبۆردی لاتینی دەنووسرێت، زۆرجار ژمارە(٣)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، دیارە لە فەرهەنگی ئاوەزی بەکارهێنەردا و لە نێوان نێرەر و وەرگردا کۆدەکانی ئەو ژمارەیە لێکدەدرێتەوە و تێگەیشتن ڕوودەدات، بۆ نموونە

(عەمەلیات) کاتێک بەپیتی لاتینی دەنوسرێت دەبێت بە (3amalyat).

نرخ(سعر)کاتێک بەپیتی لاتینی دەنوسرێت دەبێت بە (s3r).

هۆکاری ئەم شێوازەی بەکارهێنانی ژمارەیە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە:

١- کێشەی تەکنیکی

_ نەبوونی کیبۆردی کوردی لە هەندێک موبایلدا.

_ خێراتر بوون لە نوسیندا.

٢- کاریگەری زمانە بیانییەکان.

_ ئەم شێوازە لە زمانی هەرەبی و فارسییەوە هاتووە

_ لە چاتی ئۆنلاین و SMS ەوە بڵاوبووەتەوە.

**٢-١/٢ ئاستی وشەسازی**

وشەسازی، یەکێکە لە ئاستەکانی زمان و بەبەردەوامی لە پرۆسەی نوێبوونەوەدایە، بۆیە زۆر بەئاسانیش وشەی نوێ و دێتە گۆڕێ، هەروەکو چۆن گۆڕانکاریش لە وشەدا دەکرێت، ئەم ئاستە یەکەمین ئاستە کە گۆڕانکاری زۆری تێدا ئەنجام دەدرێت، هەروەها وشە "ڕەگەزێکی سەرەکی فەرهەنگە"(ڕەحیمی، ٢٠٠٧: ١٥). وشەسازی ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، دیراسەی ناوەوەی وشەکان و پەیوەندی نێوانیان لەخۆدەگرێت(فەرەج و محەمەد، ٢٠٢٠: ٣١٩).

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر فەرهەنگی زمان هەیە، بۆیە "تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و پەیوەندی بەجۆرێکی خێرا بەرەوپێشەوە دەچێت و بەجۆرێک زۆرجار لێکۆڵینەوەکانیش کاتی پێویستیان بۆ نارەخسێت لەئاستی ئەو بەرەوپێشچونە بکۆڵنەوە"(خالد،٢٠١٧: ١٨٦). ئەوەی جێگەی سەرنجە کاریگەری ئەو پێشکەوتنەیە لەسەر ئاستی وشەسازی.

ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ئاستەدا ڕوودەدەن زیاتر بەهۆی بەکارهێنانی زاراوەی بیانییەوە ڕوودەدەن، بەتایبەت بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، لەزۆر باردا تەنانەت دەرکەوتنی هەندێک زاراوەی تەکنەلۆژی نوێ خۆیان فەرز

دەکەن لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆنمونە وشەکانی (لایک، کۆمێنت، فۆلۆ، تاگ) ئەم وشانە لە بنەڕەتدا وشەی زمانی بیانین بەڵام بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان خزاندووەتە ناو زمانی بەکارهێنەرانی لەزمانە جیاوازەکاندا، هەروەها لە هەندێک جێگەشدا بەهەڵە بەکاردەهێنرێن، لە هەندێک باردا کورتکراوەی وشە بەکار دەهێنرێت، بۆنمونە (فەیسبوک= فب، سوپاس= سپ). ئەم شێوازە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بەدی دەکرێت، لەزۆر باردا بەمەبەستی کورتبڕی لە نووسیندا کە زیاتر لەنامەی چاتدا بەدیدەکرێت.

ئەم وشانەی، کە خراونەتەڕوو بەهۆی کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوەیە، کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەوەیە, کە زۆرجار جێگەی وشەکانی زمان دەگرنەوە لەفەرهەنگی زماندا.

لەلایەکی دیکەشەوە لە ئاستی وشەسازیدا زۆر جار ئیمۆجییەک لە بەرامبەر وشەیەك، یان ڕستەیەکی زماندا دادەنرێت، کە دەلالەت لەو وشەیە دەکات، کە مەبەستدارە، بۆنمونە:

| ئیمۆجی | ئامازەی بەکارهێنان |
| --- | --- |
| 😄 | بەمەبەستی دڵخۆشی بەکاردەهێنرێت. |
| 😢 | بەمەبەستی دڵتەنگی |
| 🤯😡 | بەمەبەستی تووڕەیی |
| 👍 | بە مەبەستی بەدڵبوون بەکاردێت |

**٣-١/٢ ئاستی ڕستەسازی**

ئەم ئاستەی زمان بنەمای ڕێزمانی زمانە، کە "لقێکی ڕێزمانە، ئەرکی گرنگی ڕێکخستنی وشەکانە لەناو ڕۆنانێکی گەورەتردا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ڕستەدا، کە هاوتایە لەگەڵ تاوتوێکردنی پێکهاتە و ڕۆنانی ڕستە"(فەرهادی، ٢٠١٣: ٤). زۆرێک لە زمانەوانەکان ڕستەسازی بەئاستێکی جێگیری زمان هەژمار دەکەن، چونکە بە شێوەیەکی گشتی زۆر بە دەگمەن گۆڕانکاری لەئاستی ڕستەکانی زماندا ڕوو دەدات.(خالد،٢٠١٧: ١٨٧). ئەم ئاستەی زمان بەشێوەیەکی گشتی کەمتر خۆی بەدەستەوە دەدات لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی زماندا، بەڵام بەهۆی کاریگەریی و بەهێزی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی تەواوەتی خۆی بپارێزێت، لە هەندێک لایەنەوە بەر ئەو لێشاوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکەوێت، بۆ نمونە گۆڕانکاری لە ڕیزبەنی بکەر و بەرکار و کردار دا، یاخود پاش و پێشکردن و نەهاتنی چەند کەرەستەیەکی ڕستە، دیارە ئەم گۆڕانکاری و بەکارهێنانە بەمەبەست دەکرێت لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بۆنمونە:

_ سەیری تەلەفیزیۆن دەکەم.

_ ڕۆژنامە دەخوێنمەوە.

ئەگەر تەماشای کەرەستەکانی هەریەک لەم ڕستانە بکەین دەبینین بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بە پێی دەستوری زمانی کوردی نوسراون، ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانەی خوارەوەش بدەین:

_ دەچمە بازار، ئەگەر تۆ ئامادەبی*

_ هەڵسم دەدەمت هەڵدەم، شەق*

لە ئاستی ڕستەسازیدا هەندێک جار تێکەڵییەک دروست دەبێت لە بەکارهێناندا، وەکو تێکەڵکردنی وشەی کوردی و بیانی بۆ نمونە لە ڕستەکانی:-

_ شەیرم کردووە.

_ ئەپدەیت مکردووە.

_ فۆلۆم کردووە.

ئەم جۆرە تێکەڵکردنە کاریگەرییەکی نەرێنی دروست دەکات لەسەر زمانی کوردی، چونکە لە جێگەی هەر یەکە لە وشەکانی (شەیر و ئەپدەیت و فۆلۆ) وشەی کوردی پەتی هەیە و بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان فەرامۆشیان کردووە و بەکاری ناهێنن.

**٤-١/٢ ئاستی واتاسازی**

واتاسازی لقێکی سەرەکی زمانەوانییە و لێکۆڵینەوە لە سەر یەکە زمانییەکان دەکات. واتا (بەدواداچوون بۆ لایەنی واتایی زمان لە ئەستۆی خۆی دەگرێت)(ذولفقاری، ١٣٨٨: ٥٨). لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان توانیویانە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە واتای وشەکاندا بکەن، بە شێوەیەک، کە دەکرێت هەندێک وشە و زاراوە لە پێشتردا واتایەکی نەرێنییان هەبووبێت، بەڵام لە ئێستادا ئەو واتا نەرێنیانە گۆڕاون بۆ واتای ئەرێنی و بەکارهێنانیان زۆر ئاساییە. وەکو لە نمونەکانی خوارەوە زیاتر ڕوونی دەکەینەوە:

(دەستی دوو) لە پێشتردا بە مەبەست و واتای نەرێنی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەکارهێنراوە، بۆنمونە ئەگەر ئافرەتێک پێشتر پەیوەندی هەبوویێت، یاخود پیاوەکەی بەشێوەیەک لە شێوەکان لەدەست دابێت پێیان دەگوت دەستی دووە، بەڵام لە ئێستادا بەکۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم واتا نەرێنییەی گۆڕاوە بۆ واتایی ئەرێنی، لێرەوە لە ڕێگەی چەندین پەیج و ئەکاونتەوە، کە شت و مەکی کۆن دەفرۆشن تێدا ڕیکلام بۆ ئەو شمەکانە دەکەن و ناویانناوە دەستی دووە.

(بەدڵمە) لەبەرامبەر (لایک)دا بەکار دەهێنرێت. بۆنمونە لە پرسەیەکدا بەخاوەن پرسەکە بڵێی بە دڵمە هەڵوێست و بەرخوردێکی خراپی دەبێت، بەڵام لە ئێستا دا کاتێک خاوەن پرسەیەک پۆستی کەسێکی خۆی دەکات و خزم و دۆستانی ئاگادار دەکاتەوە، بینەرانیش بە (لایک) بەشداری پرسەکە دەکەن، ئەم لایکە واتای بەدڵمە نییە، بەڵکو واتای بەشداری خەمتانین.

(تۆڕ) لە پێشتردا بۆ تۆڕی ماسی گرتن بەکار دەهێنرا، بەڵام لە ئێستا دا بۆ تۆڕی ئەنتەرنێت بەکاردەهێنرێت.

وشەکانی (بلۆک، پۆست ... ) بەهەمان شێوە واتاکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و واتای نوێیان بۆ دانراوە بەهۆی بەکارهێنەرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووکەوە.

**٢/٢ کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان(فەیسبوک)لەسەر فەرهەنگی کوردی**

فەرهەنگ لەزمانی کوردیدا چەند زاراوەیەکی دیکەش لە بەرامبەریدا بەکاردەهێنرێن وەک(فەرهەنگۆک و وشەنامە)، لە زمانی ئینگلیزیدا واتای (lexicon) و لە زمانی عەرەبیشدا (المعجم) دەگەیەنێت، بۆ ناونانی ئەو کەرەستانەشی، کە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن هەریەکە لە زاراوەکانی (لێما و لێکسیم و لیستێم)، بەکارهاتوون.(حسەین، ٢٠٠٩ :١٢٨).

فەرهەنگ بە بەشێک لە یاسای گەیاندن دانراوە، لەبەرئەوەی فەرهەنگ بنیاتی گەیاندنی "فۆرم دروستی فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و چەمکی، لەخۆدەگرێت"(سەعید، ٢٠١٥: ٧).، هەروەها لەڕێگەی یەکە فەرهەنگییەکانەوە دروستەی فۆرم دروست لە دروستەی فۆرم نادروست جیا دەکرێنەوە، لەبەرئەوە یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکی هەر زمانێک بریتییە لە فەرهەنگی ئەو زمانە. لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستە، لەسەر واتای مۆرفیم و وشە پێکهێنەرەکانی و پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوانیان دەوەستێتەوە (حسەین، ٢٠١٢: ١٠٦)

فەرهەنگی هەر زمانێک کۆگایەکە یەکە واتاییەکانی زمانی تێدا دەپارێزرێت، بەپێی ئەلف و بێی زمانەکە ڕێک دەخرێن، بۆیە دەبێتە "یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی مانەوەی وشەیە"(فەرەج و محەمەد،٢٠٢٠: ٣٢١). کەواتا لە ڕێگەی فەرهەنگەوە وشەکانی زمان لە فەوتاندن دەپارێزرێت، جا ئەو وشانە نوسراوبن، یاخود نەنوسراو، بەکارهێنانیان کەم بێت یاخود چالاک و زیندووبن، بۆیە دەگوترێت فەرهەنگ "پەرتوکێکە تایبەتە بە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی تاکە وشەکانی زمان وبەشێوەیەکی تایبەت، کە تێیدا وشەکان ڕاڤە دەکرێن و تەمومژی وشەکان دەرەوێنێتەوە"(دزەیی ،٢٠١٤: ١١٣). لەڕێگەی فەرهەنگەوە وشەکانی زمان لە فەوتان و لەناوچون دەپارێزرێت، هەروەکو چۆن واتا و تەمومژی واتاییەکانیشیان ڕوون دەکرێتەوە.

فەرهەنک کۆگایەکە ئەو زانیاریانەی تێدا تۆماردەکرێت، کە لە بارەی وشەکانی زمان و واتاکانیانەوەیە (کتێبێکی سەرچاوەیی و مەرجەعە وشە و زاراوەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون لەگەڵ پێناسەی هەروشەیەک و دەرخستنی هاوواتاکەی لە هەمان زماندا یاخود لە زمانێکی دیکەدا)(الخولی، ١٩٨٢: ٧٤).

"فەرهەنگ تۆمارگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان و ڕێکخستنیان بەپێی پێرەوێکی تایبەتی و پاراستنیان لەفەوتان و لەناوچوون. جگە لە ڕیزکردنی وشە و شیکردنەوەی واتا، هەندێکجاریش زانیاری تریشی سەبارەت بە فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و ئیتمۆلۆژییەوە دەخرێتەپاڵ"(عەبدولغنی،2019:30). فەرهەنگ تێکرای ئەو وشانە لە خۆدەگرێت، کە بە درێژایی مێژوو لە ناو زمانەکەدا بوونی هەبووە، بۆیە "لە ڕوویی ژمارەوە بێ سنور وشە لەخۆدەگرێت، هۆیەکانی دەوڵەمەند بوونیشی بەستراوە بە گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا"(عەبدولرەحیم، ٢٠١٤: ١٧).

هەبوونی فەرهەنگ لە هەرزمانێکدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی وشەکانی زمان دەپارێزێت و ئاستی زمانەکەش دەردەخات، "فەرهەنگ بەشگتی و فەرهەنگە پسپۆڕییەکان بەتایبەتی، دەبنە گەنجینەیەک و قسەپێکەری زمانەکە لە کاتی پێویستدا سوودی لێدەبینن و بەکاریدێنن"(شهاب طيب طاهر و اسو عبدالرحمن کریم،٢٠٢٣: ٢٤٠)بەگوێرەی سەردەمەکان بەچەندین شێواز باس لەفەرهەنگ و پۆلێنکردنی کراوە و چەندین دابەشکاری بۆکراوە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و لەگەڵ کارەکەی ئێمەدا گونجاوە فەرهەنگی زمانی و جۆرەکانییەتی، لەگەڵ فەرهەنگی ئاوەزەیی و جۆرەکانی، پاشان کاریگەریی فەیسبووکە لەسەر ئەم دوو بەشەی فەرهەنگ.

**٢/٢-١ فەرهەنگی زمانی**

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان(فەیسبوک) کاریگەریی لەسەر فەرهەنگی زمانی دروست دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە هەنوکەییانەوە دەبێت، کە لە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگ و گۆڕانکارییە فکری و ئایینی و زانست و تازەگەرییەکانەوە سەرهەڵدەدەن. بۆ زمانێکی وەکو زمانی کوردی لە فەرهەنگ و ئاستەکانی زمان و ڕێزماندا گۆڕانکاری بەرچاو ڕوودەدات، بەڵام بەشێوەی جیاواز. زمان دیاردەیەکی زیندووە و بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە. بەشێوەیەک وشەی نوێ دێتە ناو زمانەکەوە و هەرچی وشەی سواو و کەم بەکارهاتووە بەکارهێنانی کەم دەبێتەوە تاڕادەی بەلاوەنانی بۆ دەرەوەی زمانەکە "گەشە سەندنی فەرهەنگ، کردەی زیادکردن و داهێنانە لە ژمارە و یەکەی کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمانێکی دیاریکراو، لە ڕێگای جۆر بەجۆرەکانییەوە بەئامانجی دروستکردنی هاویەکسانییەک لە نێوان فەرهەنگ و چەمک و وشە و زاراوە"( ڕەحیم و عەزیز، ٢٠١٩: ٨٦).

بەهۆی ئەوەی زمان بە بەردەوامی لە گۆڕانکاریدایە هەوڵدەدات بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی وشەیی لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا وشە لە زمانی دیکە، یاخود وشە داهێنراوەکانی بەکارهێنەرانی زمان بخوازێت. "پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕان لە کۆمەڵدا دەگۆڕێت و زیاد دەکات. پێویستی تازەیی ژیانی کۆمەڵ لە گەشە و گۆڕانیدا دێتە کایەوە. ئەم پێویستیانە پێویستیان بەزمانی دەربڕین هەیە، واتە زمانێک دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەدا بگونجێت"(شوانی،١٩٩٨: ١٩).

لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبوک و تویتەر و تلێگرام ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی گۆڕی. کۆی ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی تێکچون و ناهاوسەنگی و بێ سەروبەری لە ئاستی زمان و ئاخاوتندا کە سەرچاوەکەی گۆڕانکاری فەرهەنگی و وشەسازی و ڕستەسازییە(افشار ، نیا، ١٣٩٦،١).

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان(فەیسبوک) ڕێگە خۆشکەرە بۆ هێنانە ناوەوەی چەندین وشە و زاراوەی نوێ بۆ ناو فەرهەنگی زمانەکەمان، کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکەشیان زۆر بە ڕوونی درکی پێدەکرێت، "لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە نوێیکان و پێشکەوتنە خێراکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیا بونەتە هۆکاری ئەوەی، کە چەندین چەمکی نوێ و نامۆ بە مرۆڤ دەربکەون ئەمانەش وا لە زمان دەکەن، کە لە زمانی سەرچاوەی زانستەکەوە ئەو وشانە بخوازن و وەریانبگرن، چونکە فەرهەنگی هیچ زمانێک بۆ دەربڕینی هەموو ئەو چەمک و دیاردانە، کە لە فەرهەنگی زمانی ترەوە دێن توانا پێویستی نیە".(سەعید، ٢٠١٥: ١٢٠-١٢١).

لەئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێراییانەی، کە تەکنەلۆژیا و جیهاندا هاتوونەتە کایەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوک) وەکو بەشێکی دیاریکرا و کاریگەر لەو گۆڕانکارییە نوێیانە کۆمەڵێگ وشە و دەستەواژەی نوێی لەگەڵ خۆیدا داهێناوە، کە تاڕادەیەکی زۆر نامۆ بووە بە زمانی کوردی، کەچی بەکاردەهێنرێن و ئاخێوەرانی زمانەکەمان لەگەڵی ڕاهاتوون و زۆر بە فراوانیش بەکاردەهێنرێن بۆنمونە هەر لە ڕێگەی فەریسبوکەوە لە بری وشە کوردییەکان وشەی بیانی بەکاردێت وەکو (وتە، قسە/ کۆمێنت، بڵاوکراوە/ پۆستکردن، بەدڵبوون/ لایک، نامە/ مەسج.... و چەندینی دیکە. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەرفەرهەنگ و گەشەکردنی، چونکە لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە (چەندین وشە و زاراوە لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە هاتونەتە نێو زمانەکە و دواتر ئەم وشانە دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی زمانی)( ڕەحیم و عەزیز، ٢٠١٩، ٨٨).

زمان و کۆمەڵ دوودانەی پێکەوە بەستراون، بۆیە هەر گۆڕانکارییەک لە ناو کۆمەڵگەدا ڕوودەدات ڕاستەخۆ کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر زمان و فەرهەنگی زمانی کۆمەڵگەکە دادەنێت، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ژیانی کۆمەڵگە بەبەردەوامی لە گۆڕانکاری و پێشکەوتن و کرانەوەدایە، ئەم گۆڕانکارییانە لە هەر شوێنێکی دونیادا ڕوودەدات بەخێرایی لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا بڵاودەبێتەوە و جێگەی خۆی قایم دەکات، بەهۆی ئەوەی مرۆڤ حەزی لە نوێبوونەوە و گۆڕانکارییە دەرگا بۆ ئەم گۆڕانکارییانە دەکاتەوە و هەر زوو خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت. داهێنانە نوێیەکانی تەکنەلۆژیاش یەکێکە لەو گۆڕانکارییە سەردەمیانەی، کە لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکاری لە زمان و فەرهەنگدا دەهێنێت، بەهۆی ئەو دەستەواژە نوێیانەی، کە لەبەرامبەر ناوە زانیستییەکەیاندا دادەنرێت. بۆنمونە لەگەڵ دەرکەوتنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا کۆمەڵێک وشە و چەمکی نوێ بەکارهێنراوە، ئاخێوەرانی زمانی کوردی لەجێگەی زمانە کوردییە ڕەسەنەکە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنن، ئەم بەکارهێنانە بەشێوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەریی خۆی لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی دادەنات، لەدیارترین ئەو وشانەی لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە هاتوونەتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە بریتین لە (کۆمێنت، لایک، فرێند، بلۆک، ماسنجەر، تویت، چات، تاک، فلتەر، ڕیبلەی، فۆڵۆ، هاشتاک، منشن، ئیمۆجی، بیۆ، مشارەکە، شەیر، ئینستاگرام، فەیس بووک، دایکرێت، پرۆفایل، سناپچات، فلتەر، ستۆری، سێرچ، اعجبنی).

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکانی لە فەرهەنگی بنەڕەتیدا زیاتر دەردەکەون وەک لە فەرهەنگی ئاوەزەیی، لەبەر ئەوەی فەرهەنگی بنەڕەتی تایبەتمەندە بەو وشە ڕەسەنانەی، کە مۆرکێکی نەتەوەیی زمانی کوردی پێوە دیارە.

**٢-٢/٢ فەرهەنگی ئاوەزەیی**

فەرهەنگی ئاوەزەیی وەک چەمکێک کرۆکی گەلێک لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و کۆزمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتییە. ئەم چەمکە وەک گریمانەیەکی تەواو ئەبستراک لیی ڕوانراوە و گفتوگۆی لەبارەوەکراوە، تێڕوانینە کلاسیکییەکان دا زیاتر وەک وشەدانان لێکدانەوەی بۆ کراوە و کاریشی تێداکراوە(قادر و ئیبراهیم، ٢٦).

فەرهەنگی ئاوەزەیی بەو جۆرە دەناسرێت، کە کۆگایی هەمیشەیی وشە زانراوەکانە لە ئاوەزی هەر ئاخێوەرێکی زماندا، کە زانیاری سیمانتیکی _ گراماتیکی _ فۆنۆلۆژیی لەبارەی تاکە تاکەی وشەکانەوە تێدایە، ئەو زانیارییانەی بۆ بەکاربردنی وشەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکخراو "ئاماژەیە بۆ مێشکی قسەکەر، کە سەرجەم زانیارییە دەنگی و واتاییەکانی وشەی تێدا پارێزراوە. پرۆسەی تێگەیشتنی زمانی لەسەر دەوەستێت"(ڕەحیم و عەزیز،٢٠١٩: ٨٣).

فەرهەنگی ئاوەزەیی وشە نامەکەی ناو مێشکە، و هەموو "ئەو زانیارییە لێکسیکییانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە مێشک/ئاوەزی تاک بەتاکی مرۆڤەکاندا هەڵگیراون"(حسەین،٢٠١٢: ١٥).

فەرهەنگی ئاوەزەیی زیاتر فەرهەنگێکی تاکە کەسییە و هەموو کەسێک خاوەنی فەرهەنگی ئاوەزیی تایبەت بەخۆیەتی، هەر ئەمەشە وایکردووە ئەم جۆرەی فەرهەنگ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاواز بێت. (ئەم فەرهەنگە، وەکو سیستەمێک هەموو وشەکانی زمانی تێدا گەنج کراوە ئێستا بەشێوەیەکی گشتی ئەم سیستەمە بە تیۆری جاڵجاڵۆکەیی وەسفکراوە بە پشت بەستن بەم تیۆرییە وشەکان هەموویان لە خاڵێکدا پێکەوە بەستراون)(سەعید، ٢٠١٥: ١٢). فەرهەنگی ئاوەزەیی سەرجەمی ئەو زانیارییە دەنگی وشەیی و ڕستەیی و واتاییانەیە کە هەر ئاخێوەرێکی زمان هەیەتی لەبارەی زمانەکەیەوە.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان(فەیسبووک) کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فەرهەنگی ئاوەزەیی هەیە، چونکە هەر زمانێک جگەلە یاسا ڕێزمانییەکانی لە ئاستەکانی زماندا، فەرهەنگێکی تایبەتیشی هەیە، کە لە مێشکی قسەپێکەرانیدا هەڵگیراوە، ئەویش فەرهەنگی ئاوەزەییە، (ئەم فەرهەنگە ئەو وشانە لە خۆدەگرێت، کە لە مێشکی ئاخێوەرانی زمانەکەدا بوونی هەیە. هەریەکە لەو وشانەش هەڵگری زانیاری دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازین. بە هیچ پیوەرێکش ناتوانرێت زانیارییە فەرهەنگییەکان دەستنیشان بکرێت)(افشار و نیا، ١٣٩٦: ٣).

لەدیارترین ئەو زاراوە و پۆلە وشانەی، کە بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە هاتوونەتە ناو فەرهەنگی ئاوەزییەوە. ئەمانەن. (ڕادیۆ بوو، مەعاشەکەت جوانە، هەموو ئاڵو وێڵێک دەکەم، هەموکەسێکی تێدایە، جاش و کۆنەجاش، ئەوە تو ئێژی چی، خوا بکەم بەیانی جەژنبێت، چەینج کەلەر، جەمال لۆمارێ، بۆحەلاوی باس بکە، خۆتان لادەن فستق هات، بیرم ناکەی کافر، کەیفی تەسویرکە، وامزانیوە ڕادیۆیە، عالەم فەقیرە، ئاوایە سەرۆکەکەی، وتم دەبڵ ئەکسلی نییە مەیسێنە، خورما هەرخورمایە، توخوا وازم لێبێنن،بەخوا گریان بۆ من باشە،خۆزگە چاوم کوێربوایەو ئەم ڕۆژەم نەبینیایە، حەیامان چووە، (کچەکەی کەژاڵی)، سەرجەمی ئەم بەکارهێنراوانە واتای فەرهەنگی خۆیان هەیە، بەڵام بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە بوون بە ترێند و لە فەرهەنگی ئاوەزەیی تاکەکانی کۆمەڵگادا، بەواتای جیاواز و لەبواری جیاوازدا بەپێی تێگەیشتنی نێرەر و وەرگر بەکاردەهێنرێت.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک لە دیارترینیان:_

١_ بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی، کە لە ژیانی ئەمڕۆدا دروست بووە، چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی هاتوونەتە ئاراوە و کاریگەرییەکای بەرچاویان لەسەر ئاستەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی بەجێهێشتووە.

٢_ لەئاستی نووسیندا گۆڕانکارییەکی بەرچاو دەبینرێت، بەتایبەت لەکاتی نووسینی نامەی چاتدا، ئەم گۆڕانکاریانە تەنها لە فەرهەنگی ئاوەزی بەکارهێنەراندا دەمێنێتەوە.

٣_ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکانی بەدیاریکراوی و بەزۆری لە ئاستی وشەسازیدا ڕوودەدات.

٤_ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی دیاریان لەسەر فەرهەنگی زمانی و ئاوەزیی هەیە، لەو ڕێگەیەوە چەندین زاراوە و دەستەواژەی نوێ دەهێنێتە ناوەوە. ئەم کاریگەرییانە زیاتر لە فەرهەنگی ئاوەزیدا هەستی پێ دەکرێت، چونکە زیاتر دەکەوێتە بەر لێشاوی گۆڕانکارییەوە.

٥_ بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە تاکەکان دەتوانن ئاسانتر دەستیان بەفێربوونی زمانی بیانی بگات، کە ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنییە، لەهەمانکاتدا بەهۆی کورتبڕی لە کاتی چاتدا و ئابوریکردن لە زمان و هەڵە بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە، لایەنی نەرێنی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییە بەدی دەکرێت.

**سەرچاوەکان**

**کتێب**

_ حاجی مارف، ئەوڕەحمان(٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

_ حسەین، شیلان عومەر(٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

_ حسەین، شیلان عومەر(٢٠١٢)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

_ دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٤) لێکسیکۆلۆجی، چاپی دووەم.

_ ڕەحیمی، کامەران(٢٠٠٧)، خەسارناسی و وشەسازی لە زمانی کوردیدا، وەرزنامەی زانستی زمانەوانی و لێکۆڵینەوە، زانستی زمانی کوردی_ئێرانی، ئاراس، هەولێر.

_ فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا(٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانکوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ کاکەشێخ، هەردەوان مەحمود،(٢٠١٥) میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، چاپی یەکەم, چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

_ ئیبراهیم، عەبدولخالق(٢٠١٤)، میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، چاپی یەکەم، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

**تێز و نامە ئەکادیمییەکان**

- عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵڵا (2019)، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا.نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.

_ عەبدولڕەحیم، عوسمان کریم(٢٠١٤)، وشەسازی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.

_سەعید، محەمەد مەجید(٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیم بوون لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی.

**گۆڤارە زانکۆییەکان**

_ خالد، هیوا سەلام(٢٠١٧)، کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٠).

_ ساڵح، عەلی عەبدوڵا،2018، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن تاک و ئاستی تێربوونی بەکارهێن لە هەواڵ و زانیاری لە هەرێمی کوردستانە (تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بە نموونە)، گۆڤاری Polytechnic، Vol. 8، No.1

_ شهاب طیب طاهر و اسو عبدالرحمن کریم(٢٠٢٣)، فەرهەنگی (قوتابخانە) لەژێر تیشکی بنەماکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی تکریت.

_ عەزیز، خۆشناو و ڕەحیم، سلام(٢٠١٩)، فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ(٦).

_ عەلی ،جوان بەهاء الدین و سعدی، ئالان ساڵح ، (2016)، گرفتەکانی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لەلای خوێندکارانی دوا قۆناغی زانکۆیی کۆیە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژمارە( 43).

_ فەرەج، تریفە محەمەد و محەمەد، کەژاڵ جهانبەخش(٢٠٢٠)، کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی، گۆڤاری سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

_ قادر، کاروان عومەر و ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم(٢٠٢٣)، پەیبردنی فەرهەنگی ئاوەزەیی زمانی کوردی لەچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە (٧).

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

_ شوانی، ڕەفیق(١٩٩٨)، کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گ، ز. کاروان، ژ ١٢٧.

**عەرەبییەکان**

_الخولی، محمد علی(١٩٨٢)، معجم علی اللغة النضری، انکلیزی _ عربی، مکتبة لبنان، بیروت.

_ یاسر عبدالحکم طنطاوی(٢٠١٦)، فنون العمل الصحفی و الاعلام الاکترونی، القاهیر، الدار الثقافیة للنشر.

**گۆڤار و سایتی فا رسی**

_ افشار، مریم امین و نیا، مهدی محمدی(١٣٩٦)، مقایسه تغیرات صرفی واژگان زبان فارسی بین تلگراف و فضای مجازی، دومین کنفرانس بین المللی ادبیات و زبان شناسی.

**ئینگلیزییەکان**

_ leadinmedia.net, (2023), types of social media users: a closer look at the ocean .and the 4 primary personas

_Bryan Coleman, Vishnu, d.r pinkey N Bhardwaj) http://www.quora.com

_https:\\WWW.wearekma.com, the 4 types of social media users